# ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنی‌سەراسەری پەنابەرانی عێراقی

## هەفتەی نارەزایەتی ئەوروپا لە پێناو بەرگری لە
## خواستەکانی پەنابەران وبەرگرتن بەسیاسەتی دیپۆرت

### راپۆرتی هەفتەیەك نەبەردی رووبەرووبوونەوە ی رێکخراوە ئینسانی و پەنابەریەکان دژ بەیاسا پەنابەریەکانی ولاتانی ئەوروپا

**نـــا بۆ گرتن و راونان و دیپۆرتی پەنابەران، بەڵـــێ بۆ مافی پەنابەری، مافــی هاوڵاتیی یەکسان!**




هەفتەی نارەزایەتی ئەوروپا کە لە تۆڕێکی بەرفراوان لە چالاکوانی رێکخراوە پەنابەری وئینسانی و یەکێتیە کریکاریەکان پێکهات و لەلایەن ژمارەیەك پەرلەمانتارەوە پشتیوانی لێکرا کە دژی ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانن، لە ماوەی رابردوودا زنجیرەیەك کارو چالاکی لە ژمارەیەك لە ولاتە ئەوروپیەکان ئەنجامدا دژبە سیاسەتی پەنابەری حکومەتەکانی ئەوروپاو هاوکاریکردنی ئەو کۆمپانیاو دەزگا تایبەتیانەی کە کاروباری چاودیری و سەرپەرشتی بەزۆرناردنەوەی پەنابەران دەکەن، هەروەها لەدژی ئەو رێکخراوانەی کە لەلایەن ولاتانی ئەوروپیەوە دەوری زیاتریان پێدراوە تابتوانن ئەرکو خەرجی مالی لەسەر حکومەت کەم بکەنەوە لەسەر حسابی کەمکردنەوەو پرینی هاوکاریە مالیەکانی حکومەت بۆ پەنابەران و هاوکاریکردنی حکومەتە ئەوروپیەکان بۆ لەئەستۆگرتنی کەمترین بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە ژیان و گوزەران و ئایندەی پەنابەران. ئەمەی خوارەوە گۆشەیەکە لەو چالاکیانەی هەفتەی نارەزایەتی ئەوروپا کە فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی دەورێکی بەرچاوی تیاگێرا لەپێناو یەکدەستکردنەوەو هاوئاهەنگی کارو هەڵسورانی چالاکوانی مەیدانی پەنابەری و نەیارانی دژی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران و رێکخراوەکان بۆ فشارخستنە سەر حکومەتەکانی ئەوروپا و چەسپاندنی یاسایەکی ئینسانی بەرامبەر بە پەنابەران.

**لەندەن-1-6:-٢٠١٠**

### لەبەردەم دوو فەرمانگەی کۆچ و پەنابەری پێکیتی نارەزایەتی بەرپاکرا

رۆژی دووشەمە 1-6 دوو پیکیتێکی نارەزایەتی لە بەردەم فەرمانگەی کۆچ و پەنابەری بۆ ئیمزای پەنابەران لە لەندەن ئەنجامدرا.

له کاتژمێر 1 بۆ 2 پاشنیوەڕۆ لەبەردەم بنکەی ( Communications House)و(Beckets House)ئەم سەنتەرانە هەفتەی 7 رۆژ کراوەیە و رۆژانە 580 کەس ئیمزای لێدەکات .سەرەتا چالاکەوانانی رێکخراوەکان داواکاریەکانی هەفتەی نارەزایەتیان بەرزکردەوە کە داواکاری(نا بۆ گرتنو راونانو دیپۆرتی پەنابەران ،ئازادی هاتووچوو ،ئازادی مانەوە ،نا بۆ زیندانی پەنابەران،هیچ کەس نایاسای نیە،نا بۆ دیپۆرتی پەنابەران بۆ عێراق،بەڵێ بۆ داخستنی گرتووخانە دەستبەسەرەکان، مافی پەنابەری مافی ئینسانە.....لەگەڵ چەندین دروشمی نا بۆ سنوری دەستکرد ودیپۆرتی پەنابەران راگرن لەلایەن بەشدار بوانەوە دەوترایەوە.

لەم پیکیتە نارەزایەتیانەدا (دەشتی جەمال و ئاسۆ گۆران )لەلایەن فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقیەوە ووتەیان پێشکەشکرد.

ژمارەیەکی زۆر لە بلاوکراوەکانی هەفتەی نارەزایەتی ئەوروپا لەنیو ریبوران وئەوانەی هاتووچویان دەکرد بلاوکرایەوە .چەند دەزگای راگەیاندن بە سکرتیری فیدراسیۆن چاوپێکەتنیان ئەنجام دا لەسەر داواکاریو ئامانجەکانی هەفتەی نارەزایەتی ئەوروپا.

**ئۆکسفۆرد:**

## هەڵسوراوان داوای داخستنی گرتووخانەی کامسفیلد هاوس دەکەن

رۆژی دووشەمە چالاکەوانانی ( The Campaign to close Campsfield) کۆبوونەوەیەکی جەماوەریان لەشاری ئۆکسفۆرد سازدا سەبارەت بە کیشەو گیروگرفتەکانی پەنابەرانو کۆچکردوان وکاروچالاکیەکانی رێکخراوی ناوبراو لەپێناو داخستنی گرتووخانەی کامسفیلد کە یەکێکە لەو گرتووخانانەی بە بەردەوامی پەنابەرانانی تیا زیندانی دەکرێت بە مەبەستی بەزۆر ناردنەوە بۆ ولاتەکانیان.

لەماوەی رابردووا کەمپینی ئۆکسفۆرد بۆ داخستنی گرتووخانەی کامسفیلد ژمارەیەك خۆپیشاندانو پیکیتی و ریپیوانی نارەزایەتی بردۆتە بەردەم ئەو گرتووخانەیە ،تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی ئازادی خوازو ئینسان دۆستی شاری ئۆکسفۆر ورێکخراوە جۆراجۆرکان یاداشتی نارەزایەتیان گەیاندۆتە حکومەتی بەریتانیا و داوکاری(داخستنی گرتووخانەی کامسفیلد) دەکەن.

شایەنی باسە ئەم گرتووخانەیە بە بەردەوامی پەنابەرانی کورد تیا رادەگیریت بەمەبەستی بەزۆر ناردنەوە.

**شاری کاردیف:**

## چالاکەوانانی بێ سنور سەنتەری شار دژ بە دیپۆرتی پەنابەران دەرازێننەوە

رۆژی 2-6 هەڵسوراوانی رێکخراوی (No Borders South Wales) لە هەفتەی نارەزایەتی ئەوروپا تەواوی سەنتەری شاری کاردیفو بەردەم زیندانی پەنابەران و نوسینگەی (UKBA)لەو شارە بە پلاکارتو شیعاری رەنگاو رەنگ دەرازێننەوە کە خواستی(دیپۆرتی پەنابەران راگرن،ئازادی هاتووچوو بۆ هەموان ،دیپۆرت عقوبەی ئیعدامە،داوای پەنابەری تاوان نیە..چەندین دروشمی تر لە پێناو بەرگری لە مافەکان پەنابەران هەڵدەواسن وبەیان راگەیاندنی هەفتەی نارەزایەتی ئەوروپا لە سەنتەری شاری کاردیف بلاودەکرێتەوە.

## گفتوگۆی ئازاد دژ بە سیاسەتی بەزۆر ناردنەوە بەرێوەبرا

رۆژی 2-6 رێکخراوی بێ سنور (No Borders)لەشاری لەندەن کۆبوونەوەیەکی جەماوەریان سازدا .لەم کۆبوونەوەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە چالاکەوانانی کەمپینی دژ بە دیپۆرتی پەنابەرانو نۆینەرانی رێکخراوە پەنابەری و ئینسانیەکان تیا بەشدارییان کرد لەسەر هەنگاوەکانی داهاتووی راوەستانەوە بەرامبەر بە سیاسەتی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران بە درێژی گفتوگۆ ئەنجامدرا .

**پۆتیرس بار:**

## فاكسی نارەزایەتی ئاراستەی كۆمپانیاكانی ناردنەوەی پەنابەران دەكرێت

رۆژی پێنج شەمە 3-6 بەرەی نیشتمانی دژ بە دیپۆرتی پەنابەران كەمپێنێكی سەراسەری دژ بە كۆمپانیاو دەزگا تایبەتیەكانو هێلە ئاسمانیەكان بەرێدەخات كە هەڵقەی سەرەكێكانی ماشینی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەرانن.

بە رێگای تەلەفون و ناردنی فاكسی نارەزایەتی كۆمپانیای(Carlson Wagonlit Travel)كە بە بەردەوامی تیكتی و ئامادەكاریەكان بۆ پرۆسەی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران ئەنجامدەدات .لەرێگای ناردنی نامەی نارەزایەتیەوە داوا دەكرێت لەكۆمپانیای ناوبراو دەست لە هاوكاری بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران هەڵگرێت.

**شاری لیل:**

## چەند كاتژمێرێك كۆمپانیای CWT داگیردەكرێت

هەڵسوراوانی بێ سنور لە شاری لیل لە فەرەنسا یەكێك لە نوسینگەكانی كۆمپانیای (CWT) بۆ چەند كاتژمێرێ داگیر دەكەن دژ بەهاوكاری كۆمپانیای ناوبراو لە چاودیری وسەرپەرشتی پرۆسەی ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران . بە پێكدادان نێوان چالاكوانو پۆلیس كۆتای بە نارەزایەتێكە دەهێنرێت وژمارەیەكی زۆر لە راگەیاندنەكانی هەفتەی نارەزایەتی ئەوروپا لەنیو خەڵكی ئەو شارەدا بلاودەكرێتەوە .

بۆ بینینی ئەو چالاكیە تەماشای ئەم لینكە بكە ): http://www.youtube.com/watch?v=DZfboaGhZL4)

**شاری داربی:**

## نامەیەكی نارەزایەتی ئاراستەی نوسینگەی UK Border Agency كرا

هەڵسوراوان ولایەنگرانی دژ بە سیاسەتی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران لەشاری داربی بەریتانیا ،شەوی 3-6 بۆ پشتیوانی لە داواكاریەكانی هەفتەی نارەزایەتی ئەوروپا نامەیەكی نارەزایەتیان ئاراستەی حكومەتی بەریتانیا سەبارەت بە رەوشی پەنابەران.

**شاری ڤینا:**

## ڤیستیڤاڵێك بۆ بەرگری لەمافەكانی پەنابەران نمایشكرا

چالاكەوانانی بێ سنور لە شاری ڤینا لە هەفتەی نارەزایەتی ئەوروپادا ،ڤیستیڤاڵێكیان لە پێناو بەرگری لە خواستە ئینسانیەكانی پەنابەرانو كۆچكردوان ئەنجامدا.

چەندین پارچە موسیقا ، وپلاكارتی رەنگاورەنگ لەژێر دروشمی نا بۆ دیپۆرتی پەنابەران ..بەلێ بۆ مافی پەنابەری ..نمایشكرا.

هەر لەدریژی چالاكیەكانی هەڵسوراواندا خۆپیشاندانی نارەزایەتی دژ بە نەژاد پەرستی بەرپاكرا .بۆ زانیاری زیاتر برێوانە ئەم لینكە/http://no-racism.net/deportatiNO :

**بەریتانیا:**

## هێلێ ئاسمانی بەریتانیا شەرمەزار دەكرێ

لەدرێژەی هەفتەی نارەزایەتی ئەوروپادا رۆژی 4-6 بەرەی نیشتمانی دژ بە دیپۆرت ،حەملەیەكی بەرفراوان رادەگەیەنێت لەسەر تۆری ئەنتەرنێت دژ بە هاوكاری هێلێی ئاسمانی بەریتانی لە پرۆسەی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران.

**شاری برایتن:**

## کۆمپانیای G4S ڕووبەڕووی نارەزایەتی دەبنەوە

هەڵسوراوان و لایەنگرانی بەرگری لە مافەکانی پەنابەران کۆچکردوان نامەیەك بە ئیمزای ژمارەیەك ڕێکخراو وکەمپینی پەنابەری ئاراستەی کانسلی شاری برایتن دەکەن سەبارەت پێشلکاریەکانی کۆمپانیای (جی4ئیس)سەبارەت بە مافی مرۆڤ.

کۆمپانیای(G4S)یەکێکە لەو کۆمپانیا چاودیرو سەربەخۆیانەی کە بە بەردەوامی هاوکاری حکومەتەکان دەکات لە ڕێکخستنی گەشتی ئاسمانی وچاودیری بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران بۆ ولاتەکانیان.زۆر جار ئەو پەنابەرانەی بەزۆر دەنێرینەوە لە لایەن کۆمپانیای ناوبراوەوە ئیهانەتو سوکایەتی و کەلەپچەکردنو وەیان ڕووبەڕووی لێدان کراونەتەوە .

**شاری کۆپنهاگن:**

## خۆپێشاندان دژ بە دەزگای سنوری یەکیتی ئەوروپا بەرپاکرا

بەرەی دژ بە دیپۆرتی پەنابەرانو وهەڵسوراوانی مەیدانی بەرگری لەمافەکانی پەنابەران ،خۆپیشاندانی نارەزایەتی دەبەنە بەردەم بارەگای دەزگای سنوری یەکیتی ئەوروپا(فرۆنتکس)کە لەلایەن حکومەتەکانی ئەوروپاوە دەسەلاتی زیاتریان پێبەخشراوە لەپێناو ڕێکخستنی گەشتی ئاسمانی و کرینی پێداویستیو هەروەها گەران بەشوێن چۆنێتی بەکارهێنانی مانگەدەستکردەکان بەمەبەستی چاودێریکردنی سنورەکانی ئەوروپا لە رووتێکردنی پەنابەران.

**ئەڵمانیا:**

## کاروانی بەرگری لە مافەکانی پەنابەران وکۆچبەران پشتیوانی خۆی بۆ هەفتەی نارەزایەتی ئەوروپا دەربری

کاروانی بەرگری لەمافەکانی پەنابەرانو کۆچبەران بە بەردەوامی لە ڕێکستنی خۆپیشاندانو نارەزایەتی لە پێناو داکۆکی لەمافەکانی پەنابەران دەوری بەرچاویانگیراوە ،لە هەفتەی نارەزایەتی ئەوروپادا پشتیوانیو هاوکاری خۆیان بۆ خواستو داواکاریەکانی هەفتەی نارەزایەتی ئەوروپا دەربری.

**لەندەن-بەردەم پەرلەمان:**

## دژ بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران لەبەردەم پەرلەمانی بەریتانیا خۆپیشاندان سازکرا

لە پێنجەمین ڕۆژی هەفتەی نارەزایەتی ئەوروپا لە پێناو بەرگری لەخواستەکانی پەنابەرانو بەرگرتن بە دیپۆرت ،رۆژی 5-6 کاتژمێر 2 تا 4 پاشنیوەرۆ خۆپیشاندانێکی نارەزایەتی لەبەردەم پەرلەمانی بەریتانیا لەلایەن ژمارەیەك لە نۆینەرانو هەڵسورانو لایەنگرانی دژ بە دیپۆرت سازکرا.

خۆپیشاندەران چەندین پلاکارتی نوسراو بە(دیپۆرتی پەنابەران راگرن،مافی پەنابەری مافی ئینسانە،ئازادی هاتووچوو ئازادی بۆ مانەوە،نا بۆ گرتنو راونانو زیندانی پەنابەران ،عیراقوکوردستان نا ئەمنە،پەنابەرانی عێراقی قوربانی جەنگو نائارامیین، پەنابەری کورد دەڵێن نا بۆ گەرانەوە...

لەم خۆپیشاندانەدا سەرەتا دەشتی جەمال سکرتێری فیدراسیۆن بە ناوی هەفتەی نارەزایەتیەوە قسو باسێکی پێشکەشکرد ووتی"ئەم خۆپشاندانەی ئەمرۆ هەنگاویکە لەراستای هەفتەی نارەزایەتی ئەوروپا بۆ داکۆکی لەمافەکانی پەنابەران ..ئەمرۆ ئێمە لێرە نۆینەرانی ڕێکخراوە پەنابەریو ئینسانی و چالاکەوانی بزووتنەوەی پەنابەری کۆبووینەتەوە تا پەیامی ئازادیو یەکسانی ومافە جیهانداگرە ئینسانیەکان بەگوێی ئەم حکومەتە راستانەی ئەوروپا بگەیەنیین بەرامبەر بەو هەڵومەرجە دژوارەی بەرۆکی پێگرتووین"لەبەشێکی تری ووتارەکەیدا ووتی"جەنگو قەیرانی ئابووری و پشیوی

کۆمەلایەتیەکان وزیادبوونی ئاوارەیوبیکاریو برسیتی بە پێویست دنیا دەخاتە بەردەم بەرێوەچوونی یاسایەکی ئینسانی تا سەرجەم ماف و ئازادیەکانی پەنابەران وەك قوربانیانی ئەو هەڵومەرجەی پارێزراوبێت"

پاشان هەریەك لە بەرێزان نیکی لە رێکخراوی( Fight Racism!Fight Imperialism) و دیڤید لە رێکخراوی(No Borders/No one is Illegal)ووتاری گرنگی هەفتەی نارەزایەتی ئەوروپا وەك تۆرێکی گرنگی هاوپشتیو هاوخەباتی پێشکەشکرد.بیریڤان پەنابەری کوردی عێراقی و یەکێك لەو پەنابەرانەی لەگرتووخانە دەستبەسەرەکان ئازادکرابوو ،ژیانی گرتووخانە دەستبەسەرەکانی بۆ ئامادەبوان گیرایەوە هەروەها ئەو هەرشەو چاوسورکردنەوانەی لەلایەن وەفدی حکومەتی عیراقی لەکاتی سەردانیان بۆ گرتووخانە دەستبەسەرەکانی بەریتانیا ی بۆ ئامادەبوان گێرایەوە وسوپاسی لەو هەولانە کرد کە لەلایەن فیدراسیۆن و رێکخراوەکان پێشکەشی کراوە.

هاوکات گروپی موسیقای( Democracy Village) چەند پارچە گۆرانی پشتیوانی لە هەفتەی نارەزایەتی ئەوروپا پێشکەشکرد.هەمان رۆژ یاداشتی هەفتەی نارەزایەتی ئاراستەی پەرلەمانتارەکانی بەریتانیا کرا.

## دژ بە زیندانکردنی منالان رێپێوان سازکرا

رۆژی 5-6 لە درێژەی هەفتەی نارەزایەتی ئەوروپا رێکخراوی ( SOAS Detainee Support Group) کەرنەڤالو ریپێوانێکی گەورەی جەماوەری لە زانکۆی لەندەنەوە بەروماڵی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا سازکرد .لەم خۆپیشاندانەدا دەیان منالی لە قووتابخانە جۆراجۆرەکانەوە بەجلوبەرگی تایبەت بەشداریان تیاکرد دژ بەگرتن وزیندانی کردنی منالان لە گرتووخانە دەستبەسەرەکانی بەریتانیا.

لەم خۆپیشاندانەدا داواکاری (داخستنی گرتووخانەدەستبەسەرەکان،راگرتنی دیپۆرتی پەنابەران،ئازادی هاتووچوو و نیشتەجێبوون،مافی هاولاێتی یەکسان ..)بەرزکرایەوە و یاداشتی نارەزایەتی ئاراستەی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیاکرا ...دوای هەوڵێکی بێ ووچانی رێکخراوەپەنابەریو ئینسانیەکان وچالاکەوانانی مەیدانی بەرگری لەمافەکانی مرۆڤ بەرەسمی راگرتنو زیندانیکردنی منالان لە گرتووخانەدەستبەسەرەکاندا لەلایەن حکومەتەوە راگیرا.

## لە هەفتەی نارەزایەتی ئەوروپادا شەوێکی هاوپشتی لەگەڵ پەنابەران بەرێوەچوو

شەوی5-6 هەلقەی یەکەی بەرنامەی هاوینەی رێکخراوی بەریتانیای حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان تەرخانکرا بۆ شەوێکی هاوپشتی لەگەڵ پەنابەران ،کە بە بۆنەی هەفتەیەکی نارەزایەتی ئەوروپا بۆ بەرگری لەمافەکانی پەنابەرانو دژ بەسیاسەتی دیپۆرت لەلایەن فیدراسیۆنی سەراسەری و ژمارەیەکی زۆر لەرێکخراوی پەنابەری و ئینسانی و هەڵسوراوانی داکۆکی لە مافەکانی پەنابەرانەوە بەرێخرابوو.

لەم شەوەدا دەشتی جەمال سکرتێری فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی قسەو باسێکی لەسەر دوایین رەوشی پەنابەرانو گرنگی هاوپشتیو هاوخەباتی بۆ بەرگری لەمافە ئینسانیەکانی پەنابەران بۆ بەشداربوان پێشکەشکرد.

پاشان ئەو شەوە بە ئاهەنگوموسیقا لەگەڵ بەشدابواندا بەرێخرا.

**شاری پاریس:**

## دژ بە هاوکاری خاچی سور نارەزایەتیان دەربری

رۆژی 6-6 لەدرێژەی هەفتەی نارەزایەتی ئەورپادا هەڵسوراوانی بەرگری لەمافەکانی پەنابەران خۆپشاندانێکی نارەزایەتیان بەرێخست دژ بە هاوکاری رێکخراوی خاچی سور(سەلیبی احمر).

لەم خۆپیشاندانە نارەزایەتیەدا ژمارەیەکی زۆر بلاوکراو سەبارەت بە رەوشی پەنابەران لە گرتووخانەکانی فەرەنسا و دەوری سلبی ئەو کۆمپانیایانەی گەشتە ئاسمانیەکان بەرێدەخەن لە بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران بلاوکرایەوە.

**سویسرا:**

## خۆپیشاندانی نارەزایەتی ومانگرتن دژ بە سیاسەتی حکومەتی سویسرا بەرامبەر بە پەنابەران بەداگیرکردنی یەکێك لە پارەکە بەرچاوەکانی بیرن دەستپێیکرد

### مانگرتن لە پێناو یاسایکردنەوەی بێناسنامەکان، وەستانی دیپۆرت، روخسەتی کار بە هەموان، دژی هەلومەرجی کەمپەکانی پەنابەران .

لە 26،06،2010 خۆپیشاندانێکی جەماوەری سەروو 5000 کەس و ڕێکخراو لە لایەن 100 لایەنەوە لە پایتەختی سویسرا بەرپاکرا. لە نیو لایەنەکاندا، ڕیکخراوەی هاوپشتی بێسنوور، حزبی پەنابەرانی عیراقی، بەرەی مافی مانەوە بۆ هەموان تیا بەشداربوون.

جەمال کۆشش ووتاری فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی لە سویسرا لە خۆپییشاندانی بەردەم وەزارەتی داد ونیوخۆ لە شاری بیرن پێش کەشکرد ووتی "ئیمە پەنابەرانی عیراقی لە وولاتی شەڕ وکاولکاریی و گەندەڵیەوە هاتووین. ماوەی زیاتر لە 30 ساڵە عیراق لە شەڕی نێوخۆیی و دەرەکیدایە. چەندەها دیکتاتۆرمان تاقیکردەوە، بەو دیکتاتۆرانەی کە لەسەر پشتی دەبابەکانی ئەمەریکاو بەریتانیاوە لەسەر کورسی دەسەڵات دانیشتوون. بەڵام لێتان ناشارمەوە وپێمخۆشە بەروونی بێلێم هەست دەکەم کە حکومەتی سویسرا لە هەلومەرجی نائاسایی ولەبەردەم شەڕدایە. ڕەفزی بەلێشاوی داواکارانی مافی پەنابەری، دوورخستنەوە لە سەردابەکان ولەکەناری شارەکان. هەلومەرجی زاڵمانەی نێو کەمپی فریا گوزارییەکان. تا پر بوونی زیندانەکان ومانەوەی 18 بۆ 23 مانگ ، بەکارهێنانی زەبرو زەنگ بۆ ناچارکردنی پەنابەران ملدان بە دیپۆرتکردنەوە. ئەمانە ئاکامی سیاسەتیکی نائینسانیە لە بواری پەنابەریدا"

هەروەها ووتی "ماوەیەکە بزووتنەوەی مافی مانەوە بۆ هەموان لە سویسرا شکلی گرتووە. ئەم بزووتنەوەیە، کۆمەڵێک داواکاری فەوری گەیاندووە بە دەسەڵاتدارانی سوسرا کە وەڵامیان پێبداتەوە ئەوە دەولەتە کە پێویستە وەڵامان پێبداتەوە . هەلوەشانەوەی دیپۆرت، هەلوەشانەوەی کەمپەفریاگوزارییەکان، یاسایکردنەوەی هەموان، مافی کار وژیان بۆ پەنابەران. لەم ماوەیەدا چەندین جار چالاکی گەورەو جەماوەری کردووە. خەڵکی سویسرا ئێستا لە ئیمە تیگەیشتووە و ئەمان ناسیّ وئیمەی قەبووڵکردووە.. ئیستا ئیمە بزووتنەوەکەمان بەهیز بووە، وە تا دێت خەڵک و لایەنە سیاسیە ئینسانیەکان پشتیوانیمان لێدەکەن"

بەشوێن خۆپیشاندانەکەدا، لەلایەن 300 چالاکوانانی بەرەی مافی مانەوە وە، پارکی ((کلاینە شانسە)) داگیرکرا. لەماوەیەکی کەمدا تونرا چەندین خیمە و چادر، چێشتخانە و پێداویستیە سەرەکیەکانی دابین بکرێت.

لەلایەن پۆلیسەوە مۆڵەتی کاتیان پێدراوە وئیستا لە ژێر هەڕەشەی چۆڵکردندا نین. تیمەکانی کاروبارەکان هەموان سەرکەوتوانە پەیگیری هەلسورانەکانیان دەکەن. ئەم داگیرکردنە خۆپیشاندانەکەو مانگرتنەکەی بردە نێو میدیاوە. لەوانە رۆژنامەی خۆرایی 20 منیوتە، تاگس ئەنتزیگەر، تەلەفزیۆنی سەراسەری سویسرا ئیس ئیف 1.

بەرەی مافی مانەوە بۆ هەموان ڕاگەیاندنێکیان بڵاوکردۆتەوە کە داوایان لە دانیشتوانی بیرن کردووە کە سەردانیان بکەن، پشتوانیان بکەن، وە کۆمەکیان بکەن.

هەروەها لەلایەکی ترەوە چالاکی تری جۆراجۆری نێو خۆیی ڕێکخراوە بۆ سەرکەوتن گەیاندنی ئەم کەمپینە.

ڕۆژی دووەم:

**سەنتەری شاری بیرن، نزیک پەرلەمانی سویسرا چاڵاکوانانی بەرەی مافی مانەوە و ژمارەیەکی بەرچاو لە پەنابەرانی بێناسنامە پارکی کلاینە شانسەیان داگیرکردووە.**

بەرنامەیەکی پڕ وکۆبوونەوەیەی بەردەوام ئەنجامدەدرا. پەیامەکان بەبەردەوامی دەخوێندرانەوە. سمینار لەسەر هەلومەرجی پەنابەران لە ئەوروپا، نیشاندانی فلم لەسەر زیندانەکان، سازکردنی ڕیپۆرتاژ لەسە کەمپینەکە...

پۆلیس مۆلەتی مانەوەی تا بەیانی ڕۆژی دووشەم داوە بە داگیرکەرانی پارکەکە، دەوڵەتی بیرن بڕیاری داوە دانیشتن سازبکرێت لەگەڵ لایەنەکان.

رۆژی دووشەم بڕیارە بە خۆپیشاندان بەرەو بەردەم وەزارەتی کۆچ بڕۆن و لەوێ داواکارییەکان بدرێت بە وەزارەت.

لە ڕۆژنامەی سەراسەری سویسرا سۆنتاگ تسایتونگدا ، لە چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی و رادیۆییدا، دەربارەی ئەم چالاکیە ریپۆرتاژ و گوزارش ئامادەکراوە. هەفتەنامەی ڤۆتز کە هەفتانە دەردەچێت لەگەڵ جەمال کۆشش ، چاوپێکەوتنی ئەنجامداوە. شەهاب سالم، ڕیپۆرتاژێکی تیرو تەسەلی لەسەر ئەم ئاکسیۆنە ئامادەکردووە کەدەتوانن لەسایتی ئەلکترۆنی فیدراسیۆندا تەماشای بکەن

**رۆذي سيێيةمي مانطرتني ثةنابةران و ريێكخراوةكان لة ثاركي كلايةنة ، حكومةتي سويسرا ناضار بةسةرداني ثةنابةرة مانطرتوةكان دةكات**

**بەڕیوەبەری وەزارەت سەردانی پەنابەرانی مانگرتووی کرد**

سەرۆکی حزبی سەوز خۆی ڕاستەوخۆ سەردانی کەمپەکەی کرد، حزبی لیبراڵی ئازادیخوازی سویسرا کەمپەکەی بە ناجۆر وناپەسەند وناشرین وێنا کرد، داوای لە پۆلیس کرد کە شارییان لێپاکبکاتەوە.

بۆ رۆژی سێەم هەروا مانگرتن و دەستبەسەراگرتنی پارکی کلاینە شانزە لە ناوەندی شاری بیرن و بەتەنیشت پەرلەمانی سویسراوە درێژەی هەیە. سەرۆکی پۆلیس ئەمرۆ بەمیدیاکانی ڕاگەیاند ئەوان دەتوانن تا سەعات 10 بەیانی ڕۆژی جومعە بمێننەوە، بە مەرجێک لەجوارچیوەی ئاکسیۆنی هێمنانەدا بمێنینەوە. ئالاند دو بغوێ، بەرێوەبەری وەزارەتی کاروباری پەنابەری بەئامادەبوانی میدیاکان سەردانی پەنابەرانی مانگرتووی کرد. وە لەوێدا ووتی (( ئیمە لە داواکانیان دەکۆڵینەوە)). ، بەڵام بەڵێنی ئەوەی نەدا کە وەزیری دادو پۆلیس ، خانم شلومف ئامادەیە بێت لەگەل یان دابنیشێت کە لەلایەن مانگرتوانەوە نامەیەک ئاراستە یان کردووە.

داخوازییە سەرەکیەکان: باسایکردنەوەی هەموو بێناسنامەکان، هەلوەشانەوەی دیپۆرت، کردنەوەی دۆسیەکانی مافی پەنابەری، مافی کارکردن، هەلوەشانەوەی سزای زیندانی.مافی خوێندن وخۆ پیگەیاندن .

لەلایەکی دییەوە تەلەفزیۆنەکان، رۆژنامەکان، سەرۆکی حزبەکان، بەبەردەوامی لەسەر ئەم کێشەیە ڕاگەیاندن بلاودەکەنەوە، گەشەکردنی بەئاگاداری هەموان دەگەیەنرێت.

بەرەی چەپ و   نەقابە کریکارییەکان، کەسایەتیە سیاسەکان، نوسەران، پاریزەران ، لەبەرەیەکی پتەویان پێکهیناوە بۆ بەرگری لەپەنابەران. بەرەی ڕاست وناوەندیش تا دێت لەم ئاکسیۆنە بیزار دەبن و داوا دەکەن کە شار لەم فەوزایە ڕزگار بکەن.

جارێتر سویسرا  کێشەی بێناسنامەکان، سیاسەتی دژی پەنابەری دەولەت، هەلومەرجی سەختی کەمپە فریاگوزارییەکان، بێمافیەکانی بواری کارو هاوسەرگیری وتەندروستی و منالٚان وخوێندن، سیاسەتی دژە ئینسانی نیو  گرتوخانەکانی دیپۆرتکردنەوە، وە  موبادرەی دیپۆرتکردنەوە . بوەوە بە کێشە گەرمەکانی کۆمەڵگای سویسرا. پەنابەران وبەرەی چەپ دەیانەوێت ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن....

## تەواو بوونی ئاکسیۆنێکی خەباتکارانە....

## پلەیەکی دی لە گەڵاڵەکردنی ئاواتەکانی پەنابەران لە  هۆشیاری گشتیدا

## پۆلیس مانگرتوانی زیندانی  و تیمار کرد....

بە پێی  کۆبوونەوەی گشتی ڕۆژی 5/شەم  بریاردرا. کە ڕۆژی 2.7.2010 ، کۆتایی بە هەفتەی کەمپینەکە بهێنریت و ئەگەر دەولەت وەڵامی داواکارییەکان نەداتەوە، ئەوا بەرەی مافی مانەوە بۆ هەموان خۆی ئامادە دەکات بۆ ئاکسیۆنی دی.

ڕۆژی 2.7.2010 بە ئامادەبوونی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ڕۆژنامەکان وتەلەفزیۆنەکان، رادیۆکان ، کۆتایی یان بە هەفتەی ناڕەزایەتی دژ بە سیاسەتی پەنابەری، بۆ مافی کار، بۆ یاساییکردنەوەی بێناسنامەکان، لە دژی دیپۆرت، لەدژی زیندانی، بۆ مافی پەنابەری ، بۆ مافی خوێندن.هێنا.

پاش ئەوەی 3 کەس لە پەنابەرانی ئیرانی   کە لە 2.6.2010 مانیان لە خواردن گرتوە، بریاریاندا کلاینە شانزە چۆڵ نەکەن. پۆلیس هات و ڕایانی مالی . کەسیکیانی ئازاد کرد و دوانی دی کە باری تەندروستیان خراپە  و لە ژیر چاودیری دکتۆردان ، تیمار و چارەسەر کرد.

بەمجۆرە بە ئامادەبوونی بەڕێز گابی ڤیر مۆرت ،  ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی پێشوو لەسەر لیستی حزبی سۆسیال دیموکرات، وە بە ئامادەبونی دەیان کەسایەتی ناسراو وەک ئەنی لانس کاندید بۆ  پاداشتی نۆبل ، وە پەنابەران و بەرەی مافی مانەوە  بۆ هەموان ، هەنگاوێکی گرنگمان نا بۆ تێگەیاندنی بیرورای گشتی و هەڵرخراندنیان  بە دژی سیاسەتەکانی. وەک بەزۆری ئەم بابەتە بایەخی جددی تری وەرگرت.

رۆژنامەکانی وەک بوند، بازلەر تسایتونگ، سەنتگالین تاگس پلات، لەگەل جەمال  کۆشش گوزارشیان ئامادەکرد لەسەر هەلومەرجی سیاسی وئابووری وئازادی لە کۆردستانی عیراق.

دەستکەوتیکی تری گرنگ ئەوە بوو کە سەرەرای هاوخەباتی پەنابەرانی ووڵاتانی جۆراوجۆربە پەشداری سەراسەری  بوو کە لە هەموو کانتۆنەکانەوە هاتبوون، لایە نە سیاسیەکان  بەرەیەکی فراوانیان  پێکهینا بۆ بەرگری لە پەنابەران.  خەبات بۆ یاسایکردنەوەی هەموان ،  لە فۆرم و شیوازیکی دیدا درێژەی دەبێت.، بە ئیستعدادێکی تر ولە شوێنیکی دی.....ماوەی ئەو هەفتەیە گەلێک چالاکی جۆراجۆر ئەنجامدران، خۆپیشاندان کرا، چەندین سمینار ساز کرا،  کۆنفرەنسی ڕۆژنامەگەری بەسترا، شار ڕازابووەوە بە لافیتەی گەورەی جۆراوجۆر کە بۆ ماوەیەک دەمێنیتەوە. لایەنە. پەیوەندی و کۆنتاکت پەیدابوون، ئاهەنگ گێردرا و هەندیک  دوور لە هایم و زیندانەکان گوزەراندمان

بۆ  دەستکەوتنی زانیاری زیاتر دەتوانن  تەماشای ئەم لینکانە بکەن

http://www.bleiberecht.ch/solidaritaet/

http://www.20min.ch/news/bern/story/22249460

http://www.bernerzeitung.ch/region/bern/SansPapiers-besetzen-weiterhin-die-kleine-Schanze/story/25661525
http://videoportal.sf.tv/video?id=c118c4c5-ff60-44c2-97ba-1b3e6d9a8252
http://videoportal.sf.tv/video?id=e2976c9b-60ce-4e75-bd0c-b3b321edc959

http://videoportal.sf.tv/video?id=e2976c9b-60ce-4e75-bd0c-b3b321edc959

IFIR:**PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK:CONTACT:00447856032991**

**ifir@hotmail.co.uk** www.federationifir.com www.csdiraq.com **Or 0041313021966**